گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# سیاسەتی زمانی لە سیستەمی فیدراڵیدا

## (وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان - عێراق بەنموونە[1])

**م.ی. فواد جاسم ابراهیم**

زمانی کوردی، پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان - عێراق

Fouad.ibrahim@su.edu.krd

**پ.ی.د. ئازاد عزیز سلێمان**

زمانی کوردی، پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان - عێراق

azad.sleman@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٥/٤/١٠

پەسەندکردن:٢٠٢٥/٦/٢٢

بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**

*Language Policy*
*Federalism*
*Ministry of Education*
*Multilingualism*
*Kurdish Language*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.3.7

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "سیاسەتی زمانی لە سیستەمی فیدراڵیدا: وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەنموونە" لەپێناو جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانی، توێژینەوەکە لە ڕەهەندی یاساییەوە لە ئاستی پەرەپێدانی زمانی کوردی و زمانی پێکهاتە نەتەوەییەکانی دەکۆڵێتەوە، بەتایبەتی جەخت لە سیاسەتی زمانی لە وەزارەتی پەروەردە دەکات بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی بەتایبەتی و زمانەکانی دیکە بەگشتی، هەرچەندە یاساکان و مافە فیدراڵییەکان ڕێگەی دەدەن بۆ بەکارهێنانی زمانی پێکهاتەکان، بەڵام لەجێبەجێکردنی واقیعدا زۆرجار ناتوانن ئەو مافانە بەشێوەیەکی کارا پەرەپێبدەن. سیاسەتی فێرکردن لە وەزارەتی پەروەردە بابەتی توێژینەوەکەمانە، هەوڵ دەدرێت بزانرێت چۆن ئەم وەزارەتە سیاسەتی زمانی بەسوودی زمانی کوردی جێبەجێدەکات، بێگومان ئەمەش شێوەیەکی کارا ڕۆڵی خۆی دەبینێت لەپاراستن و

گەشـەپێدانی زمانی کوردی، لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە ڕاسپاردە دەکات بۆ گۆڕینی سیاسـەتەکانی حکومەت و دابینکردنی ستراتیژیەکی ڕوون و کارا بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی و زمانی پێکهاتەکانی دیکە لە چوارچێوەی سیستەمی فیدراڵیدا.

## ١- چوارچێوەی توێژینەوەکە

### ١-١ پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ، سیاسەتی زمان لەنێو دەستوور و یاساکانی زمان و سیاسەتی وەزارەتی پەروەردە بۆ دیاریکردنی پێگەی زمانی کوردی لە سـیسـتەمی فیدراڵیدا بەبەراوردکردنی لەگەڵ پێش ئەو قۆناغە، بەتایبەتی بۆ دەرخســتنی ڕۆڵی وەزارەتی پەروەردە لە جێبەجێکردنی ئەم سـیاسـەتە زمانیە کە لەدوای پرۆسـەی ئازادی عێراق هاتۆتە کایەوە، توێژینەوەکە لە چوارچێوەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییە، شیکاریی بڕگە و ماددەکانی ناو دەستوور و یاساکان دەکات بۆ دەرخستنی ئایدۆلۆژیایی سیاسەتی زمانی.

### ٢-١ ناونیشان و بواری توێژینەوەکە

ناونیشـان: (سـیاسـەتی زمان لە سـیسـتەمی فیدراڵیدا: وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق بەنموونە)، بواری ئەم توێژینەوەیە لەبواری سیاسەتی زمانەوانی کۆمەڵایەتییە.

### ٣-١ گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە

١- لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمانە پێگەی زمانی کوردی لە سایەی سیستەمی فیدراڵیدا بەدیاربخەین، کە لە پێگەیەکی باشدایە بە بەراورد بە سیستەمەکانی پێسوو.

٢- لەم توێژینەوەیەدا پێگەی زمانی کوردی لەناو وەزارەتی پەروەردە شرۆڤە دەکەین بۆ ئەوەی بزانین تاچەند لەگەڵ پێگەی زمانی کوردی، بەپێی ئەم سیستەمە مامەڵەی کردووە.

### ٤-١ هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە

هەلبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە زمانی کوردی بەشێوەی تیۆری لەچوارچێوەی دەستووری عیراقدا پێگەیەکی دیار و شایستەی پێدراوە، دەمانەوێت بزانین لەنێو یاسای وەزارەتی پەروەردە تاچەند توانراوە ئەم پێگەیە پراکتیزە بکرێت لە زەمینی واقعیدا.

لەم توێژینەوەیەدا چەند پرسیارێک وڵام دەدرێتەوە، لەوانە:

ئایا دارِشتن و پەیرِەوکردنی سیاسەتی زمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سایەی سیستەمی فیدراڵی دەوڵەتی عێراقدا چۆنە؟ حکومەتی هەرێم پەیرِەوی چ ئایدۆلۆژیایەک دەکات لە دارِشتن و پیادەکردنی سیاسەتی زمانەوانیدا لەهەرێم؟ هەروەها پێگەی زمانی کوردی لە سیاسەتی زمانی وەزارەتی پەروەردە لەچ ئاستێکدایە؟

### ٥-١ گریمانەی توێژینەوەکە

١- گریمانەی ئەمە دەکەین، کە سیاسەتی زمانی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سایەی سیستەمی فیدرِاڵی لە دەوڵەتی عێراقدا لە پێگەیەکی باشدایە.

٢- گریمانەی ئەوە دەکەین، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دارِشتن و پیادەکردنی سیاسەتی زمانییدا مافی یەکسانی بۆ هەموو نەتەوەکان پیادە بکات.

### ٦-١ سنوور و کەرەستەی توێژینەوەکە

سنووری شوێن: هەرێمی کوردستانی عێراقە، کەزمانی کوردی زمانی زۆرینەی پێکهاتەی دانیشتوانەکەیەتی.

سنووری کات: لەدووای پرِۆسەی ئازادی عێراق و دانانی دەستووری هەمیشەیی عێراق لەساڵی ٢٠٠٥ تاوەکو ئێستا.

کەرەستەی توێژینەوە: برِگەکانی دەستوور و یاساکانی تایبەت بە وەزارەتی پەروەردە لەساڵی ١٩٩٢ تاوەکو ئێستا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ١-٧ ڕێبازی توێژینەوەکە

ڕێبازی وەسفی شیکاری و میتۆدی یاسایی گیراوەتەبەر بۆ شیکردنەوەی ئەو بڕگە و ماددانەی تایبەت بە زمانی کوردی و زمانی پێکهاتەکان لەنێو دەستوور و یاساکانی زمان و وەزارەتی پەروەردە.

### ١-٨ پێکهاتەی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم پێکهاتووە لە چوارچێوەی **تیۆری** توێژینەوەکە، بەشی دووەمیش لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، تەوەری یەکەم بە فیدراڵیەت و سیستەمی فیدراڵی لەعێراق و زمان لە سیستەمی فیدراڵیدا دەستپێدەکات، لە تەوەری دووەمدا تیشک خراوەتە سەر بابەتی سیاسەتی زمان و ئایدۆلۆژیایی تایبەت بە سیاسەتی زمان، هەروەها بەشی سێیەمیش پێکهاتووە لە دوو تەوەر، لە تەوەری یەکەمدا شیکردنەوە بۆ دەستووری عێراقی فیدراڵ و یاسایی زمانە فەرمیەکانی عێراق و کوردستان کراوە، پاشان لە چوارچێوەی تەوەری دووەمدا شیکردنەوە بۆ یاسای وەزارەتی پەروەردە لە سیستەمی فیدراڵی دیفاکتۆ و یاسای وەزارەتی پەروەردە لە سیستەمی فیدراڵیدا کراوە.

## ٢ - سیاسەتی زمانی لە سیستەمی فیدراڵیدا

## ٢-١ فیدراڵیەت

### ٢-١-١ چەمک و پێناسەی فیدراڵیەت

فیدراڵییەت شێوازێکی داهێنەرانەی بەڕێوەبردنە بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بە شێوەیەکی دەستووری لە نێوان حکومەتێکی ناوەندی و یەکەیەکی بچووکتر و ناسەربەخۆی حکومەت(هەرێمەکان، ویلایەتەکان، کانتۆنەکان،...)، فیدراڵییەت بە یەکێک لە پایە گرنگەکانی دەستووری وڵاتان دادەنرێت(LII: 2022: 3)، زاراوەی فیدراڵیەت لە وشەی لاتینی(Foedus)، هاتووە کە بە مانای پەیماننامە، یاخود ڕێککەوتن دێت (عزیز:١٩٧٣: ٤٧٣)، بەواتای پەیمان بەستن، یان ڕێکەوتن لەنێوان چەند ناوەندێکی سیاسی، لەلایەکی دیکەوە فیدراڵییەت شێوەی تاوتوێیەکی گرێبەستی وەردەگرێت و بەمانای ڕێککەوتن دێت(Foedus or pact)، بەو واتایەیی لە فیدراڵیەت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە(Fides or trust)هاتووە، بریتییە لە ڕێککەوتنێکی بەرانبەر و بە ئازادی قبووڵکراو(مەولود: ٢٠٠٦: 251)، بەو مانایەیی کە فیدراڵیەت چوارچێوەیەکی هاوبەشە، ئاستە جیاوازەکانی حکومەت پێکەوە کاردەکەن و لەهەمان کاتدا ناسـنامە و دەسـەڵاتە تایبەتییەکانیان دەپارێزن. هەر ئەم متمانەیە دەبێتە هۆی ئەوەی لایەنەکانی ناو سیستەمێکی فیدراڵی پشت بەیەکتر ببەستن.

لەکاتێکدا فیدراڵییەت مێژوویەکی دووردرێژی هەیە، بەڵام ئێستاش بەشێوەیەکی بەربڵاو پەیرەوی ئەم جۆرە سـیسـتەمە بەڕێوەبەرییە دەکرێـت بۆ پێکەوەژیـانی کۆمەڵگاکـان، کە بەباشـترین و گونجاوترین سـیسـتەم دادەنرێت(زادە: ٢٠١١: ١٣)، بەتایبەت بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی فرەپێکهاتەن، مافی گشـت پێکهاتەکان لەگشـت ڕوویەکەوە بەرجەسـتە دەکات، ئامانجی سـەرەکیش گونجانی نێوان پێکهاتەکانە لەیەک چوارچێوە و قەوارەی دیاریکراو، کە ئاشـتی و خۆشـگوزەرانی و خزمەتگوزاری لەسەر بنەمای متمانە لەنێوان پێکهاتەکانن دەهێنێتەکایەوە

ئامانجی دامەزراندنی بناغەیەکە بۆ سیستەمی حکومڕانی لە کۆمەڵگاکانی فرەنەتەوە، کۆکردنەوەی ڕەگەزەکـانی فەرمـانڕەوایی هـاوبەش لە هەرێمەکـان، لەخۆگرتنی کۆمەڵێك نـاسـنـامەی جیـاواز، پاراسـتنیان و ڕێزگرتنیان لە چوارچێوەی یەکگرتنێکی سـیاسـی گەورەدا(الهماوندی: 2005: 165)، سیستەمی فیدراڵی کار لەسەر دابەشکردنی ئەرکی سیاسی لە دەوڵەت دەکات، دەسەڵاتە گشتیەکانی دەوڵەت و دەسـەڵاتە ناوخۆییەکانی، کە تایبەتە بەهەر هەرێمێك، بەشـێوەیەکی ڕوون ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت(حەمە: 2008: 56).

لە سـیسـتەمی فیدراڵیدا ئەرکەکان و کاروبارەکانی دەوڵەت بەهۆی دابەشـکردنی دەسـەڵاتی جێبەجێکردن بە بەشـەکـانی دەوڵەت دەبێتە هۆی شـۆڕبوونەوەی دەسـەڵات بە پێچەوانەی سـیسـتەمەکانی ناوەندی(نەجار: ٢00٢: 14)، لە سـیسـتەمی فیدراڵیدا بەهاکانی دیموکراسـی دەتوانرێت بەشـێوەیەکی باشـتر بەکاربهێنرێت بۆ خزمەتکردنی زیاتری ئەم پرۆسـەیە و هەروەها گەیاندنی زۆرترین سوود و خزمەتگوزاری بە تاکەکانی ئەو وڵاتانە.

### ٢-١-٢ سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا

پێکهاتەی دانیشـتوانی دەوڵەتی عێراق کۆمەڵگایەکی فرەنەتەوە و فرەئاین و فرەمەزهەبە، سـاڵانێکی زۆرە کێشەی کورد و پەراوێزخستنی پێکهاتەکانی و دەستوەردانی دەرەکی بەرۆکی گرتووە و ڕێگرن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبەردەم پێشکەوتنی ئەمەش وایکردووە بۆتە ژینگەیەکی لەبار بۆ گەشەکردنی گروپە توندڕەوەکان و سەرهەڵدانی کۆمەڵێک هێز و میلیشیایی سەربەخۆ و دوور لە دەسەڵاتی ناوەندی (دەوڵەت)، بەرژەوەندی کەسی و بیری تەسکی سیاسی و فرەمەزهەبی لایەنێکی دیکەن، لەسەرەتایی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، هەست بەبوونی ئەو مەترسیانە کراوە و خەڵکی خەمخۆر و نەتەوە پەروەر هەوڵیان بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی و پێکەوەژیان و پێشکەوتن داوە، وڵاتی زلهێزیش هاوکاربوونە لەگەلیان(هەمەوەندی: ٢٠٠٩: ٢٣)، کۆمەڵێک ڕێگە چارە پێشکەشکراون، وەک لامەرکەزی ئیداری و تاوەکو دەگاتە خۆبەڕێوەبەری، لەکۆتا هەوڵ دوای ڕاپەرینی گەلی کورد لەساڵی (١٩٩١)، جۆرێک لە فیدراڵی هاتۆتە ئاراوە، چاودێران بە(فیدراڵی دیفاکتۆ)، ناوزەدی دەکەن، دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و پەسەندکردنی یەکەم دەستووری عێراق لە ساڵی (٢٠٠٥)ـدا، دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای شەراکەت و فیدراڵیەت دامەزرا، بەو مەرجەی هەموو پێکهاتەکان بەشداربن لە بەڕێوەبەردنی ئەو وڵاتە(Al-Dusuqi: 2019: 111).

### ٣-١-٢ زمان وەک پاڵنەرێک بۆ دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵی

یەکێک لە پاڵنەرە سەرەکیەکانی پەیڕەوکردنی فیدراڵییەت، هەمەجۆری زمانییە لەدەوڵەتدا، لەزۆر حاڵەتدا کۆمەڵگاکان لەمافی بەکارهێنانی زمانی دایکی خۆیان بێبەش دەکرێن، لە بەرژەوەندی زمانێکی باڵادەست، کە لەلایەن دەوڵەتەوە سەپێنراوە. ئەم دیاردەیە دەتوانێت ببێتە هۆی پەراوێزخستن و ناڕازیبوون لەنێو پێکهاتە جیاوازەکانی زمانیدا(Watts: 1999: 22)، لە دەوڵەتە فرەزمانەکاندا، لەپێناو نوێنەرایەتیکردنی گروپە زمانەوانییە جیاوازەکان لەئاستە جیاوازەکانی حکومەتدا پەنا دەبرێتە بەر ئەم سیستەمە، لە سیستەمی فیدراڵیدا بەکارهێنانی زمانەکان جۆرێک بەرانبەری وەبەرچاو دەکەوێت، بەبێ سەرنجدان بە ڕێژەی قسەکەرانی هەرکام لە زمانەکان لە ئاستی سەرتاسەریدا، ئەگەر گەلێک یان هەر هەرێمێکی پێکهێنەر یان دامەزرێنەری سیستەمی فیدراڵی، زمانی ئەو گەلە یان ئەو هەرێمە لە ئاستی ناوەندی هەمان نرخ و بابەتی زمانی فەرمی هەیە. (زادە، ٢٠١١: ٨٣)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەمەجۆری زمان وەک پاڵنەرێکی بەهێز بۆ دامەزراندنی فیدراڵی لەم چەند خاڵەی خوارەوە کورت دەکەینەوە

1. لەکۆمەڵگە فرەزمانەکاندا فیدراڵییەت نوێنەرایەتی گروپە زمانەوانییە جیاوازەکان لەیەکە پێکهێنەرەکانی سیستەمی فیدراڵی دەکات، ئەمەش هۆکارێکە بۆ فەراهەمکردنی بەرژەوەندیە گشتیەکانی پێکهاتەکان.
2. لەسیستەمی فیدراڵیدا هەرێمەکان دەتوانن سیاسەتی زمانی خۆیان پەرەپێبدەن، ئەمەش یارمەتیدەرە لەپاراستن و پێشخستنی زمان و کلتووری پێکهاتەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەرێمانەی پێکهاتەی نەتەوەیی و زمانی جیاوازیان هەیە دەتوانن ڕێکەوتن لە نێوان خۆیان بکەن بۆ ئەوەی ئەو مافانە دەستەبەر بکەن
3. ئەو خۆبەڕێوەبەریەی دەدرێت بە گروپە زمانەوانییەکان، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی گرژی و ناکۆکی، بەمەش فیدراڵییەت دەتوانێت لەڕێگەی شێوازی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی خۆیەوە چارەسەری ئەو نارەزایەتیانە بکات، کە دەبنە هۆی ململانێ(زادە:٢٠١١: ٨٦).
4. کاتێک ڕێگە بە حکومەتە ناوخۆییەکان دەدرێت بەزمانی خۆیان بریار بدەن. ئەگەری بەشداری زیاتری هاولاتیان هەیە، بەمەش بەشێوەیەکی کاریگەر داواکارییەکانیان دەگەیەنن، کاتێک دەستوور و یاساکان بە زمانی خۆیان دارێژراون و جێبەجێکراون.
5. فیدراڵییەت دەتوانێت پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی زیاتربکات، بەدانان و هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی هەمەجۆری زمانەوانی، ئەمەش وادەکات ئەو بارودۆخە هەمەجۆرییە زمانیە لەبەرچاوبگیرێت.
6. لەسیستەمی فیدراڵیدا دەتوانرێت سیستەمی پەروەردە بەجۆرێک ڕێکبخرێت کە زمانی ناوچەیی و پێکهاتەکان لەخۆبگرێت، بەمەش ڕێژەی خوێندەواری بەرز دەبێتەوە و دەرئەنجامی پەروەردەیی باشتر دەبێت کاتێک منداڵان بە زمانی دایک فێردەکرێن(Makarenko: 2008: 24).

### ٢-١-٤ ڕۆڵی سیستەمی فیدراڵی لە دانانی سیاسەتی زمانی

دابەشکردنی دەسەڵات لە سیستەمی فیدراڵیدا کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پەرەپێدان و جێبەجێکردن و سەرکەوتنی سیاسەتەکانی زمان هەیە، هەوڵدەدەین ڕۆڵی سیستەمی فیدراڵی لە دانانی سیاسەتی زمانی بەخاڵ بخەینەڕوو:

١- سیستەمی فیدراڵی ڕێگە بە حکومەتە ناوچەییەکان دەدات، سیاسەتی زمان بەپێی ژینگە زمانەوانی و کلتوورییەکانیان بگونجێنێت.

٢- سیستەمێکی فیدراڵی زۆرجار دانپێدانانی هەمەجۆری زمانی لەچوارچێوەی دەستووری خۆیدا دەچەسپێنێت و بنەمایەکی یاسایی بۆ پاراستنی زمانی پێکهاتەکان فەراهەمدەکات(زادە:٢٠١١: ٨٦).

٤- سیستەمی فیدراڵی دەتوانێت ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕێت لەپێشخستنی یەکسانی زمانی لەبواری پەروەردە و خزمەتگوزارییە گشتیەکان، بەڕێگەدان بە هەرێمەکان بۆ دانانی سیاسەتی زمانی تایبەت بەخۆیان.

## ٢-٢ سیاسەتی زمانی

### ٢-٢-١ پیادەکردنی سیاسەتی زمانی لە سیستەمی فیدراڵیدا

سیاسەتی زمانی، بە یەکێک لەگرنگترین ئامرازەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و کلتوری دادەنرێت، ڕۆڵێکی سەرەکی لە دیاریکردنی چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانەکان لە کۆمەڵگادا دەگێڕێت. لەسەردەمی ئەمڕۆدا، جیهان بەرەو فرەکلتوری و فرەزمانیی هەنگاودەنێت، سیاسەتی زمانی وەک چارەسەرێک بۆ چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و کلتوری دەبینرێت (سلێمان: ٢٠٢٢: ٦٥)، ئەمە تەنیا پەیوەندی بە زمانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەیی، مافەکانی مرۆڤ، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی، و تەنانەت پێشکەوتنی ئابووریەوە هەیە.

سیاسەتی زمانی(Language Policy)، چەمکێکی ئاڵۆز و فرە ڕەهەندە، ڕۆڵێکی گرنگی لە دارشتنی دیمەنی زمانی لە کۆمەڵگا جیاجیاکاندا هەیە، ئاماژەیە بۆ ئەو هەوڵ و کۆششانەی حکومەت یان دامەزراوەیەك دەیگرێتەبەر بۆ کاریگەریدانان لەسەر پێگە و بەکارهێنان و گەشەی زمانەکان لە کۆمەڵگا یان کۆنتێکستێکی دیاریکراودا(Schiffman: 1996: 89)، لەبەرئەوەی بوارێکی

فرەپسپۆڕییە و کاریگەری درێژخایەنی لەسەر بوارەکانی پەروەردە، حوکمڕانی، یەکگرتویی کۆمەڵایەتی هەیە.

هاتنە کایەوەی سیاسەتی زمانی وەک وەڵامدەرەوەیەکە بۆ ئەو کێشانەی لە وڵاتان دەهاتنە بەردەم زمان، بەتایبەتی دوای ئەوەی سەربەخۆییان بۆ دەگەڕێتەوە و لەژێر دەسەڵاتی داگیرکاری ڕزگارییان دەبێت(حمەغەریب: ٢٠٢١: ٧٤)، ژمارەی ئەم وڵاتانە کەمە، کە لەڕووی پێکهاتەوە لەیەک گروپ یان یەک نەتەوە پێکهاتبێت، زۆربەی وڵاتان خاوەنی سیاسەتی زمانین، ئەمیش لەپێناو دوو ئەگەر، یان بۆ پشتیوانی لە زمانێک یان چەند زمانێک، یانیش بۆ کۆسپ خستنە بەردەم گەشەسەندنی زمانێک یان زمانەکانی ژێردەست (جامباز: ٢٠١٤: ٧)، ئەمەش دەوەستێتە سەر ئەو ئایدۆلۆژیایەی، کە حکومەت لە دانانی سیاسەتی زمانیدا مەبەستیەتی جێبەجێبکات.

سیاسەتی زمانی ڕۆڵێکی گرنگ لەدیاریکردنی چۆنیەتی فێربوونی زمانەکان لەسیستەمی پەروەردەدا دەگێڕێت، ئەمەش تەنیا پەیوەندی بە فێربوونی زمانەوە نییە، بەڵکو کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر ئاستی فێربوونی قوتابیان هەیە، لە زۆربەی وڵاتاندا، سیاسەتی زمانی زمانێک یان دوو زمانی فەرمی دیاری دەکات وەک زمانێکی سەرەکی لە پەروەردەدا بەکاربهێنرێت( Kaplan & Baldauf: 1997: 45)، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە قوتابیان زیاتر لەو زمانە فێردەبن و لەوانەیە زمانەکانی دیکە لە پەروەردەدا بەشێوەیەکی سنووردار بەکاربهێنرێن، هەروەها یارمەتی پاراستنی زمانە نەتەوەییەکان دەدات لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانی فەرمی لە پەروەردەدا(Spolsky: 2004: 78)، دەتوانێت یارمەتی پاراستنی زمانە ناوخۆییەکان بدات، وەک زمانێکی فەرمی یان یارمەتیدەر لە پەروەردەدا بەکاربهێنرێت.

سیاسەتی زمانی کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر کۆمەڵگا و ناسنامەی نەتەوەیی هەیە، ئەمە تەنیا پەیوەندی بە زمانەوە نییە، بەڵکو کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر پەروەردە هەیە.

### ٢-٢-٢ ئامانجەکانی سیاسەتی زمانی

سیاسەتی زمانی بوارێکی سەرەکییە لە زمانەوانی کارەکییدا، جەخت دەکاتە سەر بڕیارە ستراتیژییەکانی حکومەت، دامەزراوەکان، کۆمەڵگاکان و گروپەکانی دیکە بۆ کاریگەری خستنە سەر شێوازی بەکارهێنان، فێرکردن و پاراستنی زمان لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا، ئامانجەکانی سیاسەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زمانی بە گشـــتی مامەڵە لەگەڵ پرســـەکانی وەک مافی زمانەکان، زمان و پەروەردە و ناســـنامەی کلتووری دەکەن، ئەمانەی خوارەوە هەندێک لە ئامانجەکانی سیاسەتی زمانین:

### ٢-٢-١ سیاسەتی زمان و زمانی پەروەردە

ئامانجێکی سەرەکی سیاسەتی زمانی دیاریکردنی زمانی خوێندن و ئەو زمانانەیە کە لە پەروەردەدا بەکاردێت. ئەم سیاسەتانە پشتگیری لەوە دەکەن، فێربوون بە زمانی ڕەسەن یان یەکەمی قوتابییان بێت، ئامانجی باشـــترکردنی کردەی تێگەیشـــتن و گەشـــەی عەقڵی قوتابییەکانە( Kaplan & Baldauf: 1997: 25)، چونکە زۆربەی تووێژینەوەکان ســـەلماندوویانە، پرۆســـەی فێرکردنی ســـەرەتایی بەزمانی دایک هۆکارێکی ســـەرەکیە لە پێگەیشـــتن و تێگەیشـــتنی قوتابیان لە ئێســـتا و داهاتوودا.

### ٢-٢-٢ سیاسەتی زمان و پێگەی زمان

دیاریکردنی پێگەی زمان لەکۆمەڵگادا، یارمەتی ڕێکخســـتنێکی دروســـتدەدات بۆ بەکارهێنانی زمان لەکۆمەڵگادا(سلێمان: ٢٠٢٢: ٧٧)، دیاریکردنی پێگەی زمانان لەنێو سیاسەتی زمانی گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە لەلایەک زمانی دایک دەپارێزیت و بەهێزی دەکات و لەلایەکی دیکەش پێگەی زمانەکانی دیکەش دیاریدەکات.

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی زمان پاراستنی زمانی دایکە، ئەویش ڕێگەی بەهێزکردنی بەکارهێنانی زمان لە بوارە جیاوازەکانی وەک پەروەردە، میدیا و کارگێڕی، لە سیستەمی پەروەردەیدا، دەبێت زمانی دایک وەک زمانێکی ســـەرەکی بەکاربهێنرێت، بۆ دڵنیابوون لەپەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان نەوەکانی داهاتوو و زمان و کلتووری نەتەوەیی(حسین: ٢٠١٤: ٤٥). لەگەڵ ئەوەشدا، سیاسەتی زمان دەبێت پێگەی زمانەکانی دیکەش دیاریبکات، وەک زمانە بیانییەکان(وەک ئینگلیزی) و زمانی پێکهاتەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٢-٢-٣ جۆرەکانی سیاسەتی زمانی بەپێی ئایدۆلۆژیا جیاجیاکان

### ٢-٢-٣-١ ئایدۆلۆژیای تواندنەوەی زمان

ئایدۆلۆژیای توانەوەی زمان یەکێکە لە دیاردە هەرە گرنگەکانی سیاسەتی زمان لە جیهانی هاوچەرخدا، ئەم ئایدۆلۆژیایە پشتگیری سیاسەتی تاکزمانی - بەکارهێنانی تەنها یەک زمانی نیشتیمانی یان فەرمی دەکات لەهەموو لایەنەکانی وەک: پەروەردە، حکومەت، میدیا و بازرگانی و کارگێڕی(حسین، ٢٠١٤: 74)، ئەم سیاسەتە بەگشتی پشتگیری سیاسەتی تاکزمانی دەکات لەزۆربەی بوارەکانی ژیاندا.

زمانی کوردی وەک یەکێک لەکۆنترین زمانەکانی ناوچەکە، بەدرێژایی مێژوو ڕووبەڕووی چەندین سیاسەتی هەوڵی توانەوە بووەتەوە، ئەم هەوڵانە خۆیان لە قەدەغەکردنی فێرکردن بە زمانی کوردی، سنووردارکردنی بەکارهێنانی لە میدیا و پەراوێزخستنی لە کارە فەرمییەکان دەبینییەوە(حەسەنپوور: ١٩٩٢: ٦٧)، لەسەدەی بیستەمدا، پاش دابەشبوونی کوردستان، زمانی کوردی ڕووبەڕووی قۆناغێکی نوێی سەرکوتکردن بووەوە، لە تورکیا لە نێوان سالانی ١٩٢٤-١٩٩١ بەکارهێنانی زمانی کوردی بە تەواوی قەدەغەکرابوو، ئەم سیاسەتە تەنها پەیوەندی بە قەدەغەکردنی زمانەوە نەبوو، بەڵکو هەوڵێکی بەرفراوان بوو بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەی کورد.

دەکرێت لە سیستەمی فیدراڵیدا سیاسەتی زمانی بەئاراستەی توانەوەی زمان دابڕێژرێت بە ئامانجی:

١- دروستکردنی زمانێکی هاوبەش، کە یارمەتی پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی پەیوەندیکردن لەنێوان کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا دەدات.

٢- لەگەڵ ئەوەشدا چەند لێکەوتەی خراپی لێدەکەوێتەوە بەجۆرێک دەبێتە هۆی زیادکردنی گرژییەکانی نێوان زمانی نیشتمانی و ناوچەیی، هەوڵدان بۆ پێشخستنی زمانێکی نەتەوەیی ڕەنگە ناڕەزایی لەنێو پێکهاتە زمانیەکان دروستبکات، لەلایەکی دیکەوە توانەوەی زمان، بە هۆی زمانە باڵادەستەکانەوە ڕوودەدات، دەتوانێت زمانە ناوچەییەکان یان پێکهاتەکان بخاتە ژێر مەترسیی و هەڕەشە لەهەمەجۆری کلتووری بکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢-٢-٣-٢ ئایدۆلۆژیای فرەزمانی**

ئەم ئایدۆلۆژیایە پشتگیری لەناسینەوە، پاراستن و پێکەوەژیانی چەندین زمان لەناو یەک کۆمەڵگادا دەکات(ناوخۆش: ٢٠١٠: ٥٥)، ئەم ئایدۆلۆژیایە پشتگیری لەو سیاسەتانە دەکات، کە هانی فرەزمانی دەدەن و دڵنیایی دەدەن کە زمانی پێکهاتەکان شوێنیان لەکۆمەڵگا و بەکارهێنانیان لەکەرتەکانی پەروەردە، حکومەت و میدیادا هەیە(فەتاح:2010: 158).

یەکێک لەبنەما سەرەکییەکانی ئایدۆلۆژیای فرەزمانی ڕێزگرتنە لەهەمەجۆری زمانی و دانپێدانانی بەهای هەر زمانێک، بەبێ ئەوەی زمانە بالادەستەکان کاریگەری خراپ لەسەر زمانی پێکهاتەکان دروستبکەن(Fishman: 1991: 67-68). ئەم ئایدۆلۆژیایە هەوڵدەدات میراتی زمانەکان وەک سەرچاوەیەکی گرنگی مێژوویی و کلتووری سەیربکات، بەتایبەت لەبوارەکانی پەروەردە، حکومڕانی و چالاکییە کلتوورییەکان

لەدەستووری هیندستاندا لە بڕگەی (هەشتەم) فرەزمانی چەسپاوە، دان بە(٢٢)زماندا دەنێت، ڕێگەدەدات بەکارهێنانیان لەکەرتی حوکمڕانی و پەروەردەدا. (Annamalai: 2001: 23)

لەدەستوری عێراقدا لە ماددەی (چوار، خاڵی یەکەم) هەردوو زمانی عەرەبی و زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی دەناسێنێت، هەروەها لە ماددەی (چوار، خاڵی سێیەم) دان بە زمانی پێکهاتەکان دەنێت، لەو شوێنانەی ژمارەی دانیشتووانی تێدا چڕبۆتەوە (دەستووری عێراق: ٢٠٠٥)، یونسکۆ بۆ پاراستنی زمانی پێکهاتەکان لە لەناوچوون، هەوڵدەدات لەگەڵ بنەماکانی فرەزمانیدا بیگونجێنێت(UNESCO: 2003: 3)،

لە سیستەمی فیدراڵیدا، فرەزمانی چوارچێوەیەکی هاوبەشی نێوان حکومەتی فیدراڵی و ناوچەییە، ئەم سیستەمە وادەکات فرەزمانی گەشە بکات و یەکگرتوویی نیشتمانی بپارێزێت، لەسیستەمی فیدراڵی زۆرجار دەسەڵات بە حکومەتی خۆجێی دەدرێت بۆ دیاریکردنی سیاسەتی زمانی، ئەمەش ڕێگەیان پێدەدات زمانی فەرمی و سیاسەتی زمان لەناو وڵاتەکانیاندا ڕێکبخەن. (King: 1997: 21)، هەروەک لە دەستوری عێراقدا دەسەڵات دراوە بە هەرێمی کوردستان بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٢-٢-٣-٣ ئایدۆلۆژیای پەسەندکردنی زارێکی نەتەوەیی

ئەم ئایدۆلۆژیایە هەوڵدەدات ئاستی بەکارهێنانی زمانە خۆجێییەکان بەرزبکاتەوە و ڕێگە بەخەڵک بدات لە هەموو بوارەکانی ژیاندا زمانی دایکی خۆیان بەکاربهێنن(سلێمان: ٢٠٢٢: ٨٥)، جەخت لەسەر زیندووکردنەوەی زمانی نەتەوە دەکات(ناوخۆش: ٢٠١٠: ٥٦)، لەو چوارچێوەیانەدا سەرهەڵدەدات، کە دەوڵەمەندن بە هەمەجۆری زمانی، کلتووری، نەتەوەیی، یان سیاسی، بەهەلبژاردنی زارێکی نەتەوەیی، لەئەنجامدا لێکتێگەیشتن و هەستی هاوزمانی و کلتووری هاوبەش لەنێو ئەندامانی نەتەوەکەدا دروستدەبێت، ئەمەش تەنها پاراستنی زمان نییە، بەڵکو فراوانترکردنی ناسنامە و کلتوور و شانازیی نەتەوەیە، کە بەزمانەوە بەندن(Fishman: 1991: 70).

لە سیستەمی فیدراڵیدا، هەلبژاردنی زارێکی نەتەوەیی پێویستە هەم یەکێتی نیشتمانی بەهێزبکات و هەم ڕێز لە ناسنامە و زمانە ناوچەییەکان بگرێت، ئەمەش ڕێگە بە گرووپە ناوچەییەکان دەدات کە ناسنامەی خۆیان بپارێزن، زۆرجار لە سیستەمی فیدراڵی سیاسەتی فرەزمانی پەیڕەو دەکرێت بۆ پشتگیریکردن لەهەردوو زمانی نیشتمانی و زارە ناوچەییەکان (Annamalai: 2001: 52)

### ٢-٢-٣-٤ ئایدۆلۆژیای سیاسەتی دەستوەرنەدان

ئەم ئایدۆلۆژیایە هیچ دەستوەردانێکی حکومی، دامەزراوەیی، یان کۆمەڵایەتیی لەسەر پەرەسەندنی سروشتی، بەکارهێنان، یان هەڵبژاردنی زمانەکان لەناو کۆمەڵگەیەک یان دەوڵەتێکدا نیە(سلێمان: ٢٠٢٢: ٨٥)، ئاماژەیە بۆ بڕیاری بەئەنقەست لەلایەن حکومەتەکان یان دامەزراوەکانەوە بۆ خۆبەدوورگرتن لەڕێکخستنی دۆخی زمانە تایبەتەکان و ڕێگریکردن لەپێشخستنی زمانێک بەسەر زمانەکانی دیکەدا(Grin: 1999: 102)، بەڵکو ڕێگە بەزمانەکان دەدات بەشێوەیەکی سروشتی پێکەوە بژین و گەشە بکەن.

ئەم ڕێبازە لەگەڵ بنەماکانی فیدراڵیەتدا هاوتەریبە، پەیڕەوکردنی سیاسەتی دەستوەردنەدان لەزمان، ڕێگە بە پەرەسەندنی زمان بەشێوەیەکی سروشتی دەدات، بەبێ ڕێکخستنی ناوەندی یان سەپاندنی زمانێک، دەسەڵات بە حکومەتی فیدراڵی و لایەنە لاوەکییەکاندا دەدات. ئەم دابەشکردنە پێکهاتەیەکی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبار بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی دەستوەردنەدان دابیندەکات(Annamalai: 2001: 49)، ئەم سیاسەتە دڵنیایەدەدات، حکومەتی ناوەندی خۆی لەسەپاندنی زمانێکی نیشتمانی بەدوور بگرێت.

**٢-٢-٣-٥ ئایدۆلۆژیای سیاسەتی زمانی کەرتی (سێکتەری)**

ئاماژەیە بۆ ڕێکخستنی ئامانجدار لەناو کەرتە تایبەتەکانی کۆمەڵگادا، وەک پەروەردە، بازرگانی، حکومەت، چاودێری تەندروستی و میدیا، سەرنج دەخاتە سەر باشکردنی بەکارهێنانی زمان لەبوارە تایبەتەکان بۆ دابینکردنی پێداویستی و ئامانجە تایبەتەکانی کەرتەکان(سلێمان: ٢٠٢٢: ٨٨)، سیستەمێکی بەرنامە بۆداڕێژراوە بۆ ڕێکخستن و بەکارهێنانی زمان لەناو سیستەمی پەروەردەدا، هەوڵدەدات زمان وەک ئامرازێک بۆ بەرەو پێشبردنی سەرجەم لایەنەکانی سیستەمی پەروەردە بەکاربهێنێت، هەندێکجار پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە ڕەنگە نایەکسانی لەنێوان سیاسەتی زمانی فیدراڵی و ناوچەییدا دروستبکات و ناتەبایی و گرژی و ململانێی زمانی لێبکەوێتەوە( Annamalai: 2001: 48)، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە هەندێک زمان زاڵ بن بەسەر کەرتەکانی وەک بازرگانی یان پەروەردەدا، بەمەش زمانە ناوچەیی یان پێکهاتەکان لەم هەڵومەرجەدا پەراوێز دەخرێن.
بەڕای توێژەران سیاسەتی فرەزمانی بەپێی بنەماکانی مافی مرۆڤ و ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکان لە ئێستادا بە گونجاوتر دەزانین، لەبەر ئەوەی هانی بەکارهێنانی زمان و چالاکییە زمانییەکان بۆ هەموو پێکهاتەکان فەراهەم دەکات. هەروەها بۆ هەر زمانێکیش زمان وەکو ناسنامە دەپارێزێت.

## ٣- شیکردنەوەی دەستوور و یاساکانی تایبەت بە وەزارەتی پەروەردە

### ٣-١ زمانی کوردی لە دەستوور و یاساکانی سیستەمی فیدڕاڵیدا

### ٣-١-١ دەستووری هەمیشەیی عێراقساڵی (٢٠٠٥)

لەساڵی(٢٠٠٣)، بەبەشداری ڕاستەوخۆی ئەمەریکا و بەهاوکاری وڵاتانی ناوچەکە و بەشداری سەرەکی هێزە سەربازییەکانی گەلی کورد و هێزەکانی دیکەی عێراق، ڕژێمی عێراق بەسەرۆکایەتی(صدام حسین) ڕووخا، دوای چەندین ساڵ گەلی عێراق بەگشتی و کوردەکان بەتایبەتی گەیشتن بەئومێدی چەندین ساڵەیان و هەنگاویان بەرەو بنیاتنانی دەوڵەتێکی فیدڕاڵی هاویشت، دانووستان و گفتوگۆ بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەردەوام بوون، هەوڵەکان چڕکرانەوە بۆ نووسینی دەستوورێکی هەمیشەیی

بۆ عێراق، لەساڵی(٢٠٠٤)، یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە دەرچوو، بووە بنەمایەک بۆ دەستووری هەمیشەیی، لە(١٥ـی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥)، لە پڕۆسەیەکی دیموکراسی بێ وێنەدا بۆ گەلی عێراق لە ساڵی(٢٠٠٥)، گشتپرسی بۆ ڕەشنووسی دەستووری عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە ئەنجامدرا و ڕێژەی پەسەندکردنی لەلایەن گەلەوە (78.5٪)بوو، بەمەش سیستەمی سیاسی لەعێراقدا بۆ یەکەمجار گۆڕدرا بۆ سیستەمی فیدراڵی. (دەستووری عێراق: ٢٠٠٥)

سیاسەتی زمانی بۆ زمانی کوردی و زمانی پێکهاتەکانی دیکە لەم دەستوورەدا جیاوازە لە دەستوورەکانی دیکە ، بایەخدان بەزمانەکان زیاتر بوو ، هەردوو(زمانی عەرەبی و زمانی کوردی)، بەزمانی فەرمی ناساند لەسەرانسەری عێراقدا، هەروەها زمانەکانی دیکەی وەک تورکمانی و سریانی لەیەکە ئیدارییەکان کە زۆرینەی پێکهاتەی تورکمان و سریانی بەفەرمی ناساند، مافی بەو پێکهاتە جیاوازانە داوە کە منداڵەکانیان لە قوتابخانەکاندا بە زمانی دایک بخوێنن، ئەم هەنگاوە پێش ئەوەی دانان بێت بەزمانی فەرمی ئەو پێکهاتانە، داننانێکی ڕاستەوخۆیە بۆ بوونی ئەو پێکهاتانە وەک نەتەوەی جیاواز، هاوشانی هەردوو نەتەوەی (عەرەب و کورد)،

ئەم دەستوورە لە(٦)دەروازە و(١٣)بەش و(٩)لق و کۆی(١٤٤)مادده پێکدێت، لەماددەی(٣)لەم دەستووردا، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دانانە بەبوونی دەوڵەتێکی فرەزمان و فرەنەتەوە و فرەئاین و ئاینزا، لەعێراقدا، کەگوزارشتە لەبوون و پەسەندکرانی گشت پێکهاتەکانی ئەو وڵاتەیە. ئەوەی جێگای بایەخە ماددەی(٤)، لەدەستووەکە تەرخانکراوە بۆ سیاسەتی زمانی لەوڵاتدا و سیاسەتە زمانیەکە چەسپێندراوە(دەستووری عێراق: ٢٠٠٥)،.

(زمانی عەرەبی و زمانی کوردی هەردووکیان زمانی فەرمی عیراقن)، لەبڕگەی یەکەم بۆ یەکەمجار لەمێژووی دامەزراندنی عێراقەوە تاوەکو ساڵی(2005) زمانی کوردی هاوشانی زمانی عەرەبی زمانی فەرمیە لە سەرانسەری عێراق، ئەمەش دوای ئەوەی سیستەمی دەوڵەتی عێراق دەبێت بە سیستەمێکی فیدراڵیم تەنیا لە دەستووری کاتی عێراق لەساڵی(١٩٧٠)، زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی بوو لەو ناوچانەی کوردەکانی لێدەژین، بەو واتایەیی زمانی کوردی لەو دەستوورە هەمیشەییە لەدوو لایەنەوە بەرەوپێش چوو، لەلایەکەوە بووە زمانی فەرمی لە عێراق و هەرێمی کوردستان، لەلایەکی تریشەوە بەپێش زمانی پێکهاتەکانی دیکەی وەک (تورکمانی و سریانی)کەوت، واتە زمانی

کوردی لەم قۆناغەدا بەگوێرەی دەستووورە کاتیەکانی عێراق لەزمانی ناوچەییەوە شوێنی بۆ زمانەکانی (تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی) چۆڵکرد، چووە قۆناغی زمانێکی فەرمی لە سەرانسەری عێراق، لەهەمان برگەدا دەسەڵات بەدامەزراوەکانی فێرکردنی حکومی دراوە، بەگوێرەی پێوەرە پەروەردەییەکان، بەپێێ چڕی پێکهاتەی دانیشتوان، فێرکردن بەزمانی دایک(تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی)بێت(هەمان سەرچاوەی پێشوو).

- هەروەها رێگە بە دامەزراوەکانی فێرکردنی تایبەت دراوە، بەهەر زمانێک بێت، واتە مەرج نیە فێرکردن بەزمانی دایک بێت دەشێ بەزمانە جیهانیەکانی وەک(زمانی ئینگلیزی فەڕەنسی، ....)بێت. ئەم ئاماژەیە زۆرجار جێگایی ڕەخنەیی زۆرێک لەچاودێرانە، کەبۆتە هۆی بێبەشکردنی منداڵ لەپرۆسەی فێرکردن بەزمانی دایک، زمانەوانان بەکارێکی زانستی نازانن تا تەمەنی (١١)ساڵی منداڵ جگە لەزمانی دایکی زمانێکی دیکە وەربگرێت. (ئەحمەد: ٢٠١٠: ١٤)

بۆڕوونکردنەوەی چوارچێوەی(دەستەواژەی زمانی فەرمی و چۆنیەتی جێبەجێکردنی)، برگەی دووەم کۆمەڵێک خاڵ دەگرێتەوە، جێگای تێڕامانن و دەسەڵاتی زیاتری هەردوو زمانی (عەرەبی و کوردی)دیاردەکەن.

- هەردوو زمانی فەرمی لەخاڵی(آ-ب) هاوشانن لە بەکارهێنان بەتایبەتی لەبوارەکانی(دەرکردنی ڕۆژنامەی فەرمی، زمانی قسەکردنی دانیشتنەکانی دامەزراوە فەرمیەکانی حکومەت).

- هەر بەڵگەنامەیەکی فەرمی بەگوێرەی خاڵی(ج) پێویستە بەهەردوو زمانی فەرمیبن، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو برگەیە لەلایەن حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم جێبەجێناکرێت، بەڵکو لەڕێگەی دامەزراوەی(نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، لەحکومەتی فیدراڵیدا هێلی پەیوەندیە لەنێوان ئەو دوو حکومەتە.

- پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانە لەوڵات بەگوێرەی خاڵی(د) پێویستە بەهەردوو زمانی فەرمی بن و لەو ناوچانەی کە چڕی دانیشتوانیان پێکهاتەی دیکەن، دەتوانن جگە لەهەردوو زمانی فەرمی زمانی دایکیان بەکاربهێنن، بەپێی پرۆگرامی پەروەردەیی، لەخاڵی(هـ) دەرفەتی زیاتر دراوە بەهەردوولا بۆ ڕێکەوتن لەسەرهەر بوارێک کە بیانەوێت هەردوو زمانی فەرمی تێدا بەکاربهێنن، وەک(دراو، پاسپۆرت، پول، ناسنامە کەسیەکان،...).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەســەڵاتی تەواو بەهەرێم، یان هەر پارێزگایەک دراوە لە بڕگەی پێنجەمدا، کە زمانێکی خۆجێی بەکاربهێنێت وەک زمانی فەرمی، بەو مەرجەی ژمارەی دانیشــتووانی ئەو هەرێمە یان پارێزگایە بە ڕاپرسی بڕیاری لەسەر بدەن.

ئەم دەستووورە هەنگاوێکی مێژوویی گرنگ بوو بۆ فرەزمانی و فرەکلتوری لەعێراق، بە فەرمیناسینی زمانی کوردی هاوشانی زمانی عەرەبی، هەروەها زمانی تورکمانی و سریانی کە زۆرینەی دانیشتوانی ئەو پێکهاتانە پێکدەهێنن، بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە گرنگە(زمانەکان هاوتەریب بن لە بەکارهێنانی فەرمی، بەرجەســتەکردنی خوێندن بەزمانی دایک و دەرفەتی فەرمیکردنی زمانی خۆجێی بەپێی ڕەچاوکردنی پێکهاتەی دانیشــتووان)، بێگومان بۆ جێبەجێکردنی ســیاســەتی زمانی بەشــێوەیەکی ســەرکەوتووانە پێویســتە هەماهەنگی تەواو هەبێت لەڕووی: پرۆگرامی هاوبەشــی زمانی، ڕاهێنانی مامۆســتا و فەرمانبەران، بنیاتنانی ژێرخانێکی یاســایی بۆ جێبەجێکردنی و هاندانی گفتوگۆ و تێگەیشتنی زیاتری نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقی فیدراڵ.

ئایدۆلۆژیایی فرەزمانی لەم دەســتوورەدا پەیڕەوکراوە، کەپشــتگیری لەناســینەوە، پاراســتن و پێکەوەژیانی چەندین زمان لەناو یەک کۆمەڵگادا دەکات(ناوخۆش: ٢٠١٠: ٥٥)، ئەم ئایدۆلۆژیایە پشــتگیری لەو ســیاســەتانە دەکات، کە هانی فرەزمانی دەدەن و دڵنیایی دەدەن کە زمانی پێکهاتەکان شــوێنیان لەکۆمەڵگا و بەکارهێنانیان لەکەرتەکانی پەروەردە، حکومەت و میدیادا هەیە، ســەبارەت بە زمانی کوردی بۆ یەکەمجاربوو لەسەر ئاستی عێراقدا وەک زمانی فەرمی بناسێندرێت، چونکە پێش ســاڵی(٢٠٠٥)، زمانی کوردی زمانی ناوچەیی بوو، بەڵام دوای پرۆســەی ئازادی عێراق زمانی کوردی پێگەیی بەرزکرایەوە لەزمانی ناوچەیی بۆ زمانی فەرمی و ســەرانســەری هاوشــانی زمانی عەرەبی، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ ســەقامگیری زمانی کوردی کە توانای گەشــەکردن و پەرەپێدانی لەهەموو کەرتەکان زیاد بکات، ئەمەش لەســایەی گۆڕانی ســیســتەمی ســیاســی دەوڵەتی عێراق بۆ وڵاتێکی فیدراڵی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٣-١-٢ زمانی کوردی لە یاسای ژمارە ٧ی (٢٠١٤) زمانە فەرمییەکانی عێراق

دوابەدوای پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق لەساڵی(٢٠٠٥)، لەماددەی(٤)ی بڕگەی دووەمی ئەو دەستوورە ڕێگەدراوە بە دانانی یاسایەکی تایبەت بە زمانە فەرمییەکان، یاسای ژمارە(٧)ی ساڵی(٢٠١٤)ی(زمانە فەرمیەکان)، لە(١٨)ماددە و(١٥)، بڕگە پێکهاتووە، ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی وەقایعی عێراقی (الوقائع العراقيه)، ژمارە(٤٣١١)، لە (٢٤ی ٢ی ٢٠١٤)، بڵاوکراوەتەوە
هەردوو زمانی عەرەبی و زمانی کوردی، جگە لەوەی ماددەی(٤)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، بەزمانی فەرمی وڵات دەناسێنێت، بەهەمان شێوە ماددەی(٣)بڕگەی(آ)، دووپاتی فەرمی بوونی هەردوو زمانی عەرەبی و زمانی کوردی دەکاتەوە.

لەپاڵ ئەم دوو زمانە فەرمیەیی لە دەستوور و یاسای زمانە فەرمیەکان هاتووە، لەماددەی(١٠)دا، هەریەکە لە زمانەکانی (تورکمانی و سریانی)، بەزمانی فەرمی هەژمار دەکرێن لەو یەکە کارگێڕیانەی پێکهاتەکانی(تورکمان و سریان)، چڕی دانیشتووان پێکبهێنن، لەو یاسایەدا ڕێگەدەدات بە:

یەکەم: بۆ دیاریکردنی زمانێکی دیکە(ناوخۆیی/ خۆجێی)، وەک زمانێکی فەرمی.لە ماددەی(١١)، لەڕێگەی ڕاپرسی دەسەڵات بە هەرێم یان پارێزگاکان دەدات.

دووەم: دەسەڵاتی دامەزراندنی زانکۆ و پەیمانگە و سەنتەری ڕۆشنبیری یان کۆڕی زانیاری، تایبەت بەهەر پێکهاتەیەکی دیکەی عێراق دراوە، بە ئامانجی پێشخستنی زمان و ڕۆشنبیری و کلتووری تایبەت بەو پێکهاتانە.

سێیەم: هاوڵاتیەکی عێراقی یان بیانی لەماددەی(١٢)(بڕگەی یەکەم)، دەسەڵات دراوە، بۆ فێرکردنی ڕۆڵەکانیان بەزمانی دایک.

-بۆجێبەجێکردن و بەدواداچوون و ڕێکخستنی ئەم یاسایە، سەرنج خراوەتە سەر:

آ: لەکۆڕی زانیاری عێراق و ئەکادیمیای کوردی بەگوێرەی ماددەی(١٣)لەم یاسایەدا، سەرچاوەی باوەڕپێکراون بۆ شرۆڤەکردنی وشە و زاراوەکان، لەکاتی پێویستی.

ب: بۆ جێبەجێکردن و بەدواداچوونی ئەم یاسایە لەماددەی(١٥)دا، بڕیاردراوە بەپێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا کە ڕاستەوخۆ بە ئەنجوومەنی وەزیران بەستراوەتەوە، جگە لەوەش لیژنەیەک بە بەشداری(زمانەوانان، ئەکادیمیان و نوێنەری پێکهاتەی تورکمان و سریان و ئەرمەن و مەندائیەکان)،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ هاوکاری لیژنەی باڵا پێکدەهێندرێت، هەروەها ئەو لیژنەیە بۆی هەیە نوێنەرێکی دیکە بۆ هەر زمانێکی عێراق وەک ئەندام وەربگرێت.

سزا و لێپێچینەوە بۆ کەسانی فەرمانبەر و ئەوانەشی فەرمانبەر نین لە ماددەی(١٤)دا، بەسێ خاڵ دانراوە کە پێچەوانەی ئەم یاسایە بجوڵێنەوە.

لەم یاسایەدا هەردوو زمانی عەرەبی و زمانی کوردی هاوشانی یەکتر دانراون وەک لە ماددەکانی(٤-٥-٦-٧-٩)، لەم بوارانە بەکاردێن.

خشتەی ژمارە(١)، بەکارهێنانی زمانەکانی عەرەبی و کوردی لە بوارە دیاریکراوەکان

| ژ | مادده | بەکارهێنانی لەبوارەکانی |
| --- | --- | --- |
| ١ | (٤) | ڕۆژنامەی فەرمی |
| ٢ | (٥) | کۆبوونەوە فەرمیەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەران، سەرۆکایەتی کۆمار، ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی باڵای دادوەری و دەستەکان و دەزگاکانی سەر بە حکومەتی فیدراڵ، هەروەها کۆبوونەوە فەرمیەکان لە هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێم. |
| ٣ | (٦) | قسەکردن و نووسراوی فەرمی و دەربڕین لەبوارە فەرمیەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم. |
| ٤ | (٧) | بەڵگە نامە و نووسراوەکانی حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم. |
| ٥ | (٩) | دەرکردنی دراو، پولی تایبەت بەدراو و پۆستە، پاسپۆرت و تابلۆکانی هاتوچۆ و تابلۆکانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیەکان هەردووڵا. |

خشتەی ژمارە (١) لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە.

- لەژێر ڕۆشنایی پیادەکردنی سیاسەتی زمانی پێکهاتەکان، لە ماددەی(٨)لەم یاسایەدا، لەچوارچێوەی ڕێکارەکانی بواری پەروەردە، ڕێگە بەپێکهاتەکانی عێراق دراوە بۆکردنەوەی قوتابخانەی تایبەت بەزمانەکانی(عەرەبی، کوردی، تورکمانی، سریانی و ئەرمەنی)، جگە لەوەش لەچوارچێوەی گرنگیدان بەزمانەکانی جیهانی لەپاڵ زمانی فەرمی ئەو پێکهاتانە، ڕێگە بە بەکارهێنانی هەر زمانێکی دیکە دەدات لەبوارە فێرخوازییەکانی تایبەتیدا. لەم یاسایەدا ئایدۆلۆژیایی فرەزمانی پەیڕەوکراوە، بەجۆرێک هەردوو زمانی عەرەبی و زمانی کوردی، زمانی فەرمین لە وڵاتدا، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگە بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێکهاتەکانی وڵات دراوە کە زمانی دایکی خۆیان بەکاربهێنن لەو ناوچانەی کە چڕی دانیشتوان پێکدێنن.

### ٣-١-٣ یاسای ژمارە ٧ی (٢٠١٤) زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق

دوابەدوای دەرچوونی یاسای ژمارە ٧ی زمانە فەرمیەکانی عێراق لەساڵی(٢٠١٤)، لەهەمان ساڵدا یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق، لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە(٩)ی ڕۆژی(٢٩ی ١٠ی ٢٠١٤)، ئەم یاسایە لەپەرلەمانی کوردستان دەرچوو، ئەم یاسایە لە(دە)بەش و(٢٧)مادده پێکهاتووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

سەرەڕای ئەوەی زمانی کوردی زمانی سەرەکییە لەهەرێمی کوردستاندا، هەردوو زمانی کوردی و زمانی عەرەبی زمانی فەرمین لەسەرانسەری عێراقدا وەک لەبەشی دووەم، ماددەی(٢)، هاتووە جگە لەوەش لەهەمان بەشدا لەماددەی(٣)زمانی پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان(تورکمان، سریانی، ئەرمەن)، زمانی فەرمین لەیەکەی بەڕێوەبەرایەتی خۆیاندا، لەپاڵ زمانی کوردی.

ئەنجوومەنی وەزیران بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەکادیمایی کوردی و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەگوێرەی ماددەی (٢٥)، بەرپرسن لەجێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

سزا و لێپێچینەوە بۆ کەسانی فەرمانبەر و ئەوانەشی فەرمانبەر نین، دانراوە بەگوێرەی ماددەی(٢٤)، کە پێچەوانەی ئەم یاسایە بجوڵێتەوە.

زمانی کوردی لەم یاسایەدا بەگوێرەی ماددە دیاریکراوەکان، لەم بوارانە بەکاردێت:

خشتەی ژمارە(٢)، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە بوارە دیاریکراوەکان

| ژ | مادده | بەکارهێنانی لەبوارەکانی |
|---|---|---|
| ١ | (٤) | پرۆژە یاسا و بریار و پەیڕەو و ڕێنماییەکان |
| ٢ | (٦) | (برگەی یەکەم)، ڕێکاری دادوەری و بڕیارەکانی دادگا (برگەی دووەم)، دابینکردنی وەرگێڕ بۆ کاتی پێویست. |
| ٣ | (٧) | زمانی ئاخاوتن و نووسینی فەرمی سەرجەم دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. |
| ٤ | (١٢) | (برگەی دووەم)، تابلۆکانی ئۆتۆمبێل |
| ٥ | (١٣) | پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و خوێندن |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| ٦ | (١٤) | کۆمپانیا و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت. |
| 7 | (١٥) | لەبەرچاوگرتنی دەرفەتی کارکردنی زیاتر بۆ ئەو کەسانەی کە زمانی کوردی دەزانن. |
| 8 | (١٦) | پەیوەندی نێوان (خاوەنکار و کارمەند)، (بەگرێبەستەکانیشەوە). |
| 9 | (١٧) | ڕێکلام و بانگەشە و ئاگاداری کار و بازرگانی |
| 10 | (١٨) | ڕێنمایی بەرهەمهێنانی شـــتومەک و کەلوپەل و کاڵا بۆ ئەوانەی لە هەرێم بەرهەمدەهێندرێن، لەپاڵ ئەوەشـــدا ئەو کەلوپەلانەی کە هاوردەدەکرێن کۆمپانیاکان ناچاردەکرێن بە وەرگێرانی ڕێنماییەکان بەزمانی کوردی. |
| ١١ | (١٩) | فۆڕمی داواکاری و پارەدان و وەرگرتن و خزمەتگوزاری بازرگانی و پسولە و زەرف، ...هتد. |
| ١٢ | (٢٠) | میدیا و ناوەندی کلتووری |
| ١٣ | (٢١) | (برگەی دووەم)، هەر کارێکی هونەری و کلتووری کە لەهەرێم بەرهەمدەهێندرێت یان نمایشـــدەکرێت دەبێت بە زمانی کوردی بێت یان وەرگێڕانی بۆ بکرێت. |

خشتەی ژمارە (٢) لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە.

هەردوو زمانی کوردی و زمانی عەرەبی لەم یاســـایەدا بەگوێرەی ماددە دیاریکراوەکان، لەم بوارانە بەکاردێن:

خشتەی ژمارە(٣)، بەکارهێنانی زمانی کوردی و زمانی عەرەبی لە بوارە دیاریکراوەکان

| ژ | ماددە | بەکارهێنانی لەبوارەکانی |
|---|---|---|
| ١ | (٥) | دەقی یاسا و بڕیارەکان لەڕۆژنامەی فەرمی لە هەرێمی کوردستان، (دەق بەزمانی کوردی سەرچاوە و بنەماییە). |
| ٢ | (8) | نووسین و پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ. |
| ٣ | (١٠) | تابلۆی سـەرجەم دامەزراوە و فەرمانگە حکومیەکان، (بەمەرجێک نووسـین بەزمانی کوردی لەبەشـی سەرەوەی تابلۆکە بێت). |
| ٤ | (١٢) | تابلۆی ڕێنمایی شـەقامەکان و دەسـتنیشـانکردنی شـوێن و دەڤەرەکان، (بەمەرجێک نووسـی بەزمانی کوردی لەبەشی سەرەوەی تابلۆکە بێت). |

خشتەی ژمارە (٣) لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە.

زمانی کوردی و زمانی لایەنی بەرانبەر لەم یاســـایەدا، بەگوێرەی ماددە دیاریکراوەکان، لەم بوارانە بەکاردێت:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە(٤)، بەکارهێنانی زمانی کوردی زمانی لایەنی بەرانبەر، لە بوارە دیاریکراوەکان

| ژ | مادده | بەکارهێنانی لەبوارەکانی |
|---|---|---|
| ١ | (٦) | (برگەی دووەم)، دابینکردنی وەرگێڕ بۆ زمانەکانی دیکە بۆسەر زمانی کوردی بۆ کاتی پێویست لەدادگاکاندا. |
| ٢ | (٨) | پەیوەندی نێوان دامەزراوە بیانیەکان وحکومەتی هەرێم بەزمانی کوردی هەر زمانێکی دیکەی پێویست. |
| ٣ | (9) | پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و لایەنە دەرەکیەکان. |
| ٤ | (١٠) | (برگەی دووەم)، تابلۆی نووسینگە و نوێنەرایەتی و کونسوڵگەری وڵاتان و ڕێکخراوە بیانیەکان لە هەرێمدا بەزمانی کوردی و عەرەبی و زمانی لایەنی بەرانبەر دەبێت |
| ٥ | (١٢) | تابلۆی ڕێنمایی و شـەقامەکان و دەسـتنیشـانکردنی شـوێن و دەڤەرەکان بەزمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەبن، (بەمەرجێک نووسـین بەزمانی کوردی لەبەشـی سـەرەوەی تابلۆکە بێت و دەرکەوتووتربێت). |
| ٦ | (١٤) | کۆمپانیا و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت، بەکارهێنانی زمانی بیانی بەپێی پێویسـتی لەپاڵ زمانی کوردی. |
| 7 | (١٦) | پەیوەندی نێوان (خاوەنکار و کارمەند)، (بەگرێبەستەکانیشەوە). لەپاڵ زمانی کوردی |
| 8 | (١٧) | ڕێکلام و بانگەشە و ئاگاداری کار و بازرگانی لەپاڵ زمانی کوردی. |
| 9 | (١٩) | فۆڕمی داواکاری و پارەدان و وەرگرتن و خزمەتگوزاری بازرگانی و پسولە و زەرف...هتد، لەپاڵ زمانی کوردی. |
| 10 | (٢١) | چالاکی هونەری و کلتووری بیانی و پۆستەر و پرۆپاگەندەی کارەکە لەپاڵ زمانی کوردیدا. |

خشتەی ژمارە (٤) لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە.

زمانی کوردی زمانی پێکهاتەکانی دیکەی کوردسـتان لەم یاسـایەدا، بەگوێرەی مادده دیاریکراوەکان، لەم بوارانە بەکاردێت:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە(٥)، بەکارهێنانی زمانی کوردی زمانی پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان، لە بوارە دیاریکراوەکان

| ژ | مادده | بەکارهێنانی لەبوارەکانی |
|---|---|---|
| ١ | (20) | (برگەی دووەم)، میدیایی تایبەت بە پێکهاتەکان و بەکارهێنانی زمانی خۆیان. |
| ٢ | (٢٢) | لەو یەکە بەڕێوەبەریانەی کە پێکهاتە جیاوازەکان بەگوێرەی چڕی دانیشتوانیان، زمانی خۆیان لەپاڵ زمانی کوردی دەبێتە زمانی فەرمیی خوێندن و ئاخاوتن و کاروباری کارگێڕی و ناوخۆیی. |
| ٣ | (٢٣) | پەیوەندی نێوان ئەو دامەزراوانەی دەکەونە سنووری دانیشتوانی پێکهاتە جیاوازەکاندا و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەزمانی کوردی دەبێت. |

خشتەی ژمارە (٥) لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە.

ئایدۆلۆژیایی فرەزمانی لەم یاسایەدا پەیڕەوکراوە، بەجۆرێک هەردوو زمانی کوردی و زمانی عەرەبی زمانی فەرمین لە وڵاتدا، هاوکات زمانی کوردی پێگەی زیاتری پێدراوە وەک زمانی سەرەکی ناسێندراوە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستاندا، واتە بەگوێرەی ئەو یاسایە پێشینە بۆ زمانی کوردیە لەهەموو بوار و کەرتەکاندا، ئەمەش پێگەیەکی گرنگە بۆ زمانی کوردی، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگە بەپێکهاتەکانی وڵات دراوە کە زمانی دایکی بەکاربهێنن لەو ناوچانەی کە چڕی دانیشتوان پێکدێنن.

## ٣-٢ (سیاسەتی زمان لە یاسای وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان)

### ٣-٢-١ یاسای وەزارەتی پەروەردە (١٩٩٢)

ڕاستە بەگوێرەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٥)، بۆتە هەرێمێکی فیدراڵی لەچوارچێوەی عێراقدا، بەڵام دوای ڕاپەڕینی گەلی کورد لە ساڵی(١٩٩١)، دامەزراندنی یەکەمین حکومەت و پەرلەمان لە هەرێمی کوردستاندا جۆرێک لە (فیدراڵی دیفاکتۆ)، هاتەکایەوە، لەپێناو دانانی سیاسەتێکی گشتگیر بۆ زمانی کوردی و زمانەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و لەبەر گرنگی و پێویستی و بوونی یاسایەکی تایبەت بە وەزارەتی پەروەردە، لەخولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان (یاسای چوارەم) تایبەت کرا بە یاسای وەزارەتی پەروەردە، کە لە(٢٠ی ٩ی ١٩٩٢)،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەبڕیاری ژمارە(١٦) پەسەندکرا، ئەم یاسایە لە (٢٥)مادده پێکدێت، ئەوەی تایبەت بێت بەزمانی کوردی و زمانی پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان، بریتیە لە:
زمانی کوردی لە (ماددەی چوارەم، خاڵی ٣): کراوە بە زمانی خوێندن لەگشت پلەکاندا
زمانی پێکهاتەکان کە بە دەستەواژەی (زمانی کەمایەتیەکان)بەکارهاتووە (لەهەمان ماددەدا، خاڵی ٤)، وەک زمانی فێرکردن لە ئاستی سەرەتایی بۆ منداڵانی ئەو پێکهاتانە کە لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان دەژین، بەڵام مەرجی فێرکردنی زمانی کوردی پابەند، کراوە لەپاڵ زمانی دایک.
لەپێناو دانانی سیاسەتێکی گشتگیرتر بۆ زمان، لەڕێکەوتی (١٨ــی ١٢ــی ٢٠٠٠)، یاسای ژمارە (١٧)ــی تایبەت بە یەکەم هەمواری یاسایی ژمارە(٤)ــی ساڵی(١٩٩٢)، دەرکرد، ئەم یاسای هەموارە لە (یازدە مادده)پێکهاتووە، بۆ پتەوکردنی پێکەوەژیان و زیادکردنی گیانی تەبایی لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو هەرێمە و لەبەر چاوگرتنی مافی پێکهاتە جیاوازەکان، لە(ماددەی شەشەم)، بڕیاردرا بە هێنانەکایەوەی(دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی تایبەت بە خوێندنی سریانی و تورکمانی)، لە پێکهاتەی وەزارەتی پەروەردە، لەپێناو خزمەتکردنی زیاتر بە ئەو دوو پێکهاتەیە لە هەرێمی کوردستاندا.
هەر لەپێناو پەرەپێدانی زیاتر بە سیاسەتی زمانی لەهەرێمی کوردستان و گرنگیپێدانی زیاتر بە زمانی کوردی و زمانی عەرەبی لەناوەندەکانی خوێندن، لەڕێکەوتی (٦ــی ١١ــی ٢٠٠٦)، لە دانیشتنی ژمارە (١٨)، یاسایی ژمارە(١٥)ــی ساڵی(٢٠٠٦)ــی پەسەندکرد کە تایبەتە بە یاسای دووەمی هەموارکردن بۆ یاسای وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە(٤) بۆ ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو، ئەم یاساییە لە (پازدە) مادده پێکدێت، ئەوەی جێگای سەرنجە لەم یاسایەدا ماددەی چوارەم لە یاسای ژمارە(٤)ــی ساڵی ١٩٩٢ــی وەزارەتی پەروەردەدا، دەستەواژەی (کەمینەکان)ــی لابردووە، بڕگەی (٤)، هەموارکراوە وبڕگەیەکی دیکەی بۆ زیادکراوە کە (زمانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی دەکرێت زمانی فێرکردن لەو ناوچانەدا کە ئەوانەی بەو زمانە دەدوێن چڕیەکی دانیشتووان پێکدەهێنن، بەپێی بەند و بەستی پەروەردەیی دەبێت، بەو مەرجەی فێرکردنی زمانی کوردی و زمانی عەرەبی پابەندی بێت)، ئەوەی جێگای تێڕامانە لەم هەموارەدا (زمانی ئەرمەنی)، بۆ یەکەمین جار لەم یاسایەدا لەپاڵ زمانی پێکهاتەکانی دیکەی وەک (تورکمان و سریانی)، زیادکرا، کە لە یاسای ژمارە(٤)ــی ساڵی ١٩٩٢ــی وەزارەتی پەروەردە تەنیا ئاماژە بە زمانی ئەو دوو پێکهاتەیە کرابوو،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها لە هەمان بڕگەی هەمان یاسا و ماددەدا تەنیا زمانی کوردی پابەند کرابوو لەپاڵ زمانی دایک، بەڵام لەم هەموارەدا (زمانی عەرەبی لەپاڵ زمانی کوردی) زیادکراوە کە (فێرکردنی زمانی کوردی و عەرەبی ئیلزامی بێت لەپاڵ زمانی ئەو پێکهاتانە).

هەرێمی کوردستان لەپێش ساڵی(٢٠٠٥) و لەسەردەمی فیدراڵی دیفاکتۆدا، گرنگی بەمافی پێکهاتەکانی ئەو ناوچەیە داوە، هەروەک لەو یاسایەدا دەردەکەوێت کە پەیڕەوی ئایدۆلۆژیایی سیاسەتی زمانی کەرتی (سێکتەری) کراوە، زمان کوردی کراوەتە زمانی خوێندن لە کوردستاندا، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا لەڕێگەی گونجاندنی ئەم ئایدۆلۆژیاییە لەگەڵ ئایدۆلۆژیایی سیاسەتی فرەزمانی، توانیویەتی مافی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان لەوکاتەدا لە کەرتی پەروەردە ڕەچاوبخات و مافی بەکارهێنانی زمانی دایکیان لەپاڵ زمانی کوردیدا لەناوەندەکانی خوێندن بۆ فەراهەم بکات لەوناوچانەی چڕی دانیشتوان پێکدەهێنن.

### ٣-٢-٢ یاسایی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان – عێراق ساڵی (٢٠٢٢)

زمان بەردی بناغەی ڕوودانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە، بەمەبەستی ڕێکخستنی کەرتی پەروەردە و بوارە جیاوازەکانی، ڕەخساندنی زەمینەیەکی لەبار و ژینگەیەکی تەندروست بۆ پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و بەدیهێنانی ئامانجە گشتی و تایبەتیەکان لەلایەک و پێگەیاندنی تاکێکی کوردستانی خوێندەوار، هۆشیار، مرۆڤدۆست، داهێنەر و بەرپرسیار، یاسای ژمارە(١٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)، کە تایبەتە بە یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان – عێراق، دەرچوو، ئەم یاساییە لە (پێنج) دەروازە و (١٧٦) ماددە پیکدێت، یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٢ی وەزارەتی پەروەردە بەگشت یاسا هەموارکراوەکانیشییەوە بنەمایەکە بۆ دەرچوون و ئامادەکردنی ئەم یاسایە، بەڵام لەهیچ شوێنێکی ئەم یاسایە ئاماژە بەیەکەم یاسای وەزارەتی پەروەردە نەکراوە کە لەپەرلەمانی کوردستان دەرچووە. ئەوەی جێگای هەلوەستە لەسەرکردن و ئاشکراکردنی ڕاستیەکە کە تاوەکو ئێستاش وەزارەتی پەروەردە باسی نەکردووە، ئەوەیە ئەم یاسایە تاوەکو ئێستاش نەچۆتە بواری جێبەجێکردن، بەهۆی کۆمەڵێک بڕیاری داگای فیدراڵی عێراق دژ بەهەرێمی کوردستان، کە کۆتایی بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاری پەرلەمانی خولی نۆیەم هێنا، ئەم یاســایەش کەوتە ژێر کاریگەری ئەم بڕیارە و جێبەجێکردنی وەستا.

ئەوەی تایبەت بێت بە باسەکەمان لەم یاسایەدا:

زمانی کوردی لەتەوەرەی دووەم ماددەی (٣)، بڕگەی (دووەم)، زمانی فەرمی خوێندنە لەســەرجەم دامەزراوەکان، جگە لەو دامەزراوانەی کە تایبەتن بە پێکهاتەکانی وەک تورکمان، ســریان، کلدان، ئاشــوور، ئەرمەن و عەرەب، کەخوێندن بە زمانی دایکیان دەبێت)، ئەوەی جێگای ســەرنجە لەم یاسایەدا جیاواز لە یاسایی ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٩٢)ی وەزارەتی پەروەردە و هەمووواری تایبەت بەو یاساییە، زمانی پێکهاتەی (کلدان و ئاشوور)، لەیاسایی وەزارەتی پەروەردە جێگیرکران بەمەبەستی خزمەتکردنی ئەو پێکهاتانە لەڕووی کەرتی پەروەردەوە، بەڵام ئەوەی جێگای تێرامان و ســەرنج بێت، زمانی کوردی و زمانی عەرەبی بەگوێرەی دەستووری هەمیشەیی عێراق و یاسایی زمانە فەرمیەکانی عێراق و هەرێمی کوردســتان زمانی فەرمین، بەڵام لەو یاســایەدا زمانی عەرەبی وەک زمانی پێکهاتەکانی وەک(تورکمان و ســریانی و کلدان و ئاشــووری،...) دانراوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەبەگوێرەی یاســایی زمانە فەرمیەکانی هەرێمی کوردســتان لەماددەی ٢ زمانی کوردی و زمانی عەرەبی زمانی فەرمین و زمانی کوردی زمانی سەرەکیە لە هەرێمی کوردستاندا

لەبەشی پێنجەم، تەوەرەی حەوتەم، لەماددەی(٣١)دا تایبەتکراوە بە مافی خوێندن بە زمانەکانی دیکە لە قوتابخانە و خوێندنگە حکومیەکاندا، بەم شێوەیەیی خوارەوە:

**یەکەم:** خوێندن بە زمانی(عەرەبی و تورکمانی و ســریانی و ئەرمەنی) بۆ قوتابیانی ئەو پێکهاتانە، لە دامەزراوەی پەروەردەیی حکومی تــایبەت بەو زمـانـانە دابینـدەکرێـت، بەمەرجێك زمـانی دایکی بەخێوکەری قوتابی و خوێندکار زمانی کوردی نەبێت و ژمارەی قوتابیان بۆ کردنەوەی قوتابخانەیەکی لەو جۆرە گونجاوبێت، هاوکات زمانی کوردیش لەو ناوەندانە بخوێندرێت، لەم یاسایەدا دوو سەرنج بەرچاودەکەون:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١- لەم ماددەیەدا، بە پێچەوانەی تەوەرەیی دووەم ماددەی (٣)، بڕگەی (دووەم)، (ئاماژە بە زمانی پێکهاتەکانی کلدان و ئاشـوور)نەدراوە. کەهاوشـانی زمانی پێکهاتەکانی وەک (تورکمان و سـریانی و ئەرمەنی)، دانراوە.

٢- خوێندنی زمانی کوردی لەم ناوەندانەدا پاشەکشەی پێکراوە بۆجۆرێک لە یاسای ژمارە (٤)ـی ساڵی ١٩٩٢ـــی تایبەت بە یاسای وەزارەتی پەروەردە، زمانی کوردی پابەند کراوە، بەڵام لەم یاسایەدا ئاماژە بەوە کراوە کە (هاوکات زمانی کوردیش لەم ناوەندانە بخوێندرێت)، بەڕای ئێمە ئەم شێوازە دەربڕینە دەبێتە دەروازەیەک بۆ پاشەکشەکردن لە خویندنی زمانی کوردی لەم ناوەندانەدا.

**دووەم:** لە خاڵی (٢)ـــــی ئەم یاســایەدا، ئەو مافە بۆ قوتابیەکی بیانی یان هەر پێکهاتەیەکی دیکەی کوردســتان، جگە لەوانەی زمانی دایکیان کوردیە دراوە، لە قۆناغی بنەڕەتی قوتابخانە حکومیەکاندا، بۆیان هەیە لەســەر داواکاری بەخێوکەرانیان داوای خوێندن بە زمانی دایکیان بکەن بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لە هەفتەیەکدا، بەمەرجێک ژمارەی قوتابیان لەم قوتابخانەیەدا لە(١٠) قوتابی کەمتر نەبێت، بەڵام لە واقیعدا جێبەجێکردنی ئەم برگەیە بۆ ئەم ژینگەیەیی قوتابخانەکانی کوردســتان ئەســتەم و زەحمەتە.

**ســێیەم:** هەر بەگوێرەی ئەم ماددەیە وەزارەتی پەروەردە لە دەســەڵاتیدا هەیە باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگەی پەروەردەیی پیشــەیی حکومی بەزمانە جیهانیەکان بکاتەوە، لەگەڵ پابەندکردنیان بەخوێندنی زمانی کوردی تیایاندا، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی زانایان لەســەر ئەوە کۆکن کە منداڵ تاوەکو تەمەنی (١١)ساڵی پێویستە جگە لە زمانی دایک هیچ زمانێکی تر وەرنەگرێت، ئەمیش لەپێناو گەشە و پەروەردەیەکی تەندروست، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دەرچە یاساییە هەنگاوێکی گرنگ و پڕ بایەخە بەتایبەت بۆ ئەو قوتابیانەی لە دەرەوەی وڵات یان لە قوتابخانە تایبەتەکان گەڕاونەتەوە و بەخێوکەرانیان دەیانەوێت لە قوتابخانە حکومیەکان درێژە بەخوێندن بدەن، بەڵام پێویسـتە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخە بکرێت، چونکە زۆرجار بەرکەوتن دروسـتدەبێت لەگەڵ ئەو یاسا و ڕێسایانەی لە قوتابخانە حکومیەکان هەن.

ســەبارەت بە قوتابی و خوێندکاری گەڕاوە لە دەرەوەی هەرێم لە تەوەرەی دوازدە، ماددەی (٣٦)، بڕگەی (سێیەم)، بەم شێوەیەیە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١- قوتابیانی گەڕاوە لەبەر ئەوەی زمانی کوردی و زمانی عەرەبی بەباشی یان هەر نایزانێت، بۆ ماوەی دوو ساڵ لە دەرچوون دەبەخشرێن، بەمەرجێک ئەو دوو ساڵە لەپۆلی دوازدە نەبێت، بەڵام ئەوەی جێگای دەستخۆشیە، جگە لەوەی قوتابی بۆ ماوەی دوو ساڵ دەبەخشرێ بەڵام مەرجە قوتابی بۆ ئەم دوو ساڵە هاوشێوەی قوتابیانی تر لەوانەکانی زمانی کوردی یان عەرەبی لەم ناوەندەدا بەشداربێت.
٢- ئەو قوتابیانەی بەخێوکەرانیان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەچوارچێوەی نێردە دیبلۆماسیەکان و ئاژانسە نێودەولەتییەکان دێنە کوردستان لەم بڕگەیە بەدەر دەکرێن، لەدەسەڵاتی وەزیرە بە ڕێنمایی شێوازی خوێندن و دەرچوونیان لە زمانەکانی کوردی و عەرەبی ڕێکبخات.
بەبۆچوونی ئێمە لەجیاتی ئەوەی بەخشین بۆماوەی دوو ساڵ بۆ ئەو قوتابیانە بکرێت، دەبوایە پرۆگرامێکی تایبەت بۆ بابەتی زمانی کوردی و زمانی عەرەبی بۆ ئەم قوتابیانە دابنرێت، نەک ببەخشرێن، ئەمیش لەپێناو دروستنەبوونی هەستی بەکەمزانینی زمانی کوردی لەلایەن ئەو قوتابیانە، بۆ ئەمەش ئەم پرۆگرامە بەشێوازێک دابنرێت بەگوێرەی ئاستی تێگەیشتنی ئەو قوتابیانە بێت و لەگەڵ ئەوەشدا وەزارەتی پەروەردە پلانی هەبێت بۆ کردنەوەی خولی هاوینە بۆ ئەو قوتابیانەی دێنە هەرێمی کوردستان.
سەبارەت بە ڕەفتارە ڕێپێنەدراوەکان لە تەوەرەیی سیازدەهەم لە ماددەی (٣٧)، پێمان وایە لە خاڵی یەکەمدا پێویست بوو هەموو دامەزراوە حکومی و ناحکومیەکان ناچاربکرێن لە گرنگیپێدانی زمانی کوردی و دانانی سزایەکی توند لە ئەگەری پەراوێزخستنی ئەو زمانە، کە ئێستا ئەم دیاردەیە لە حاڵەتەوە بۆتە دیاردە. هەروەها دانانی مەرجی پاراستنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکان و دانانی پلانی تۆکمە تایبەت بەیادکردنەوەی ڕۆژی زمانی دایک و پەرەپێدان و چالاکی تایبەت بە زمانی کوردی.
سەبارەت بەزمانی خوێندن لە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان لە دەروازەی سێیەم (دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان)، بەشی دووەم، لقی چوارەم، ماددەی (١٢٢)، بەجۆرێکە:
١- دامەزراوەی ناحکومی دەتوانێت بەیەک زمان یان زیاتر لە زمانەکانی عەرەبی، تورکمانی، سریانی، ئەرمەنی، ئینگلیزی، یان هەر زمانێکی دیکەی جیهانی باوەڕپێکراو بکات، بەڵام بەگوێرەی یاسا بابەتی

هەردوو زمانی کوردی و زمانی عەرەبی وەک بابەت بەگوێرەی سیستەمی وەزارەتی پەروەردە بخوێندرێت و هەمان ڕێکار و بڕیاری تایبەت بە دامەزراوە حکومیەکان پەیرەوبکرێت.

٢- ڕەوەندە بیانی و پەنابەرەکان دەتوانن لە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان بەزمانی خۆیان بخوێنن، بەمەرجێک بابەتەکانی زمانی کوردی و عەرەبی بەهەمان شێوەی خاڵی یەکەم بێت.

ئەوەی جێگای سەرنجە لەسەر ئەم یاساییە بەتایبەت لە (دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان)، بەشی پێنجەم (سیستەمی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردن و هەلسەنگاندن)، بەهیچ شێوەیەک باس لە پەرەپێدانی زمانی کوردی لەلایەنی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتی و هەڵسەنگاندن نەکراوە، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک کە بەگوێرەی یاسا هیچ بەربەستێک لەبەردەم ئەو قوتابخانانە نەبێت لەبەردەم پەراوێزخستنی زمانی کوردی، چونکە زۆر جار زمانی کوردی لەم جۆرە قوتابخانانەدا بونەتە سەر ئێشەو و وەک بابەتێکی زیاد لە پڕۆگرامی خوێندن هەروەها ستافی ئەو دوو بابەتەش وەک بارگرانی بۆ سەر دامەزراوە و خەرجی دامەزراوەکەی تەماشادەکرێن، جگە لەوەی هەم زانستەکە و هەمیش خودی مامۆستایانی ئەو بابەتانە بە چاوێکی نزمتر لەئاست بابەتەکانی دیکە لەڕووی دارایی و دەروونی سەیردەکرێن.

ئەرکەکانی وەزارەتی پەروەردە، لە دەروازەی چوارەم، بەشی یەکەمی ئەم یاسایەدا کە بە (هەژدە)، ئەرک دیارکراون وەزارەت لەسەریەتی جێبەجێیان بکات، بەڵام بەداخەوە بەیەک وشەش وەزارەت خۆی ناخاتە بەردەم بەرپرسیاریەتی لە دیاریکردنی یەکێک لە ئەرکەکانی وەزاتەکەی کە بریتیە لە ئەرکی چاودێریکردن و بەدواداچوون بۆ پاراستنی زمانی کوردی بەتایبەتی لە دامەزراوە حکومیەکان بەزمانی بیانی و دامەزراوە ناحکومیەکان کە زمانی کوردی وەک مەرج بۆیان دانراوە.

ئایا ڕەوشی زمانی کوردی لەو دامەزراوانە چۆنە؟ ئایا قوتابی هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکات لەبەرانبەر زمانی کوردی؟ یان زمانی کوردی بەزمانی زانست سەیرناکات و زمانە بیانیەکان لەسەرووی زمانی کوردی دادەنێت؟

ڕێکخراوی یونسکۆ جەخت لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ بەزمانی دایکی دەکاتەوە، چونکە سەلمێندراوە فێربوون بە زمانی زگماکی مرۆڤ، گەشەکردنی مەعریفی و دەرئەنجامەکانی فێربوون زیاتر دەکات. (ئەحمەد: ٢٠١٠: ١٤)

ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕامانە، لەلایەک لەهەردوو یاسای تایبەت بە وەزارەتی پەروەردە لەساڵانی (١٩٩٢ و ٢٠٢٢)، نەیانتوانی دەستنیشانی زمانی فەرمی لەهەرێمی کوردستاندا بکەن کە کامە شێوەزاربێت(بادینی یان سۆرانی)، بەڵکو تەنیا ئاماژە بە زمانی کوردی کراوە، ئەمەش لە پرۆگرامەکانی خوێندندا لەئەنجامی تێکەڵکردنی هەردوو شێوەزاردا بەتەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە زمانی ئینگلیزی سەرەڕای ئەوەی لەهیچ کام لە دەستوور و یاساکان ئاماژەی پێنەدراوە، بەڵام وەک زمانێکی هاندراوەی دەرەوەی یاسا و دەستوورەکان خۆی سەپاندووە، لەهەندێک قوتابخانە و دامەزراوە فەرمیەکاندا کە بەزمانی ئینگلیزی دامەزراون، وەک زمانی فەرمی و زمانی سەرەکی شوێنی بەزمانی کوردی گرتۆتەوە و هەم لە پرۆگرامەکان و هەمیش لە قسەکردنی قوتابیاندا بەتەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە و زمانی کوردی بۆتە زمانی دووەم. لە ساڵی (٢٠١٧) وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا بڕیارێکی دەکرد تایبەت بە هەژمار نەکردنی ئارەزوومەندانە هەردوو نمرەی بابەتەکانی زمانی (کوردی و عەرەبی) بۆ دەرچووانی پۆلی شەشەمی ئامادەیی بە مەبەستی وەرگیرانیان لە زانکۆ و پەیمانگاکان. بەڵام بە خۆشحاڵییەوە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٦-٢٠٢٧) بەپێی نووسراوی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە ژمارە (٩٨٨٤) لە ڕێکەوتی (٢٠/٥/٢٠٢٥) ئاڕاستەی وەزارەتی پەروەردە کراوە. ئەم بڕیارە هەڵوەشایەوە و بۆ ساڵی ئاماژە پێکراو هەردوو نمرەی بابەتەکانی زمانی (کوردی و عەرەبی) بە هەمان شێوەی بابەتەکانی دیکە هەژمار دەکرێن بە مەبەستی پێشبڕکێ بۆ وەرگیران لە زانکۆ و پەیمانگاکان.

## دەرەنجام

١- ناساندنی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی بەگوێرەی دەستووری هەمیشەیی عێراق (٢٠٠٥)، کە هاوشانی زمانی عەرەبی، ئەمە وەچەرخانێکی گرنگ بوو بۆ ناساندنی ناسنامە و مافەکانی نەتەوەیی گەلی کورد لەسایەیی سیستەمی فیدراڵیدا.

٢- سیستەمی فیدراڵی هاوکارە بۆ پاراستنی زمانەکانی پێکهاتەکان، بەوەی ڕێگە بە هەرێمەکان دەدات بۆ گەشەپێدانی سیاسەتی زمانی تایبەتی بە پێی ژینگە و پێکهاتەی نەتەوەیی، ئەمەش یارمەتی پاراستنی زمان و کلتووریان دەدات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٣- سیاسەتی زمانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پشت بە ئایدۆلۆژیایی فرەزمانی بەستووە.

٤- لەسیاسەتی زمانی هەرێمی کوردستاندا زمانی کوردی زمانی سەرەکیە لە هەرێمی کوردستاندا.

٥- نەبوونی ستراتیژی ڕوون بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی لە یاسا فەرمیەکانی تایبەت بە وەزارەتی پەروەردە، ئەمەش دەرخەری نەبوونی ستراتیژییەکی ڕوون و دانەمەزراوە بۆ پاراستن و گەشەپێدانی زمانی کوردی.

٦- وەزارەتی پەروەردە بە شێوەیەکی تایبەتی سەرچاوەی سیاسەتی زمانە، بەهۆی دەسەڵات و پرۆگرامە کانی خوێندن، ئەمەش گرنگترین ڕەهەندە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانی فەرمی

٧- کێشەی ستانداردکردنی زمانی کوردی لە شوێنە فەرمییەکاندا گەورەترین ئاستەنگی بەردەم زمانی کوردیە لە سیستەمی خوێندن و کاروبارەکاندا، کێشەی ستانداردکردن و ڕێکنەخستنی هەردوو دیالێکتی سۆرانی و بادینی.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: یاساکان

یاسای وەزارەتی پەروەردە، ژمارەی٤ ساڵی ١٩٩٢.
دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥
یاسای زمانە فەرمییەکان لەعێراق ساڵی ٢٠١٤
یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق ساڵی ٢٠١٤
یاسای وەزارەتی پەروەردە ساڵی ٢٠٢٢

### دووەم: بەزمانی کوردی (کتێب)

جامباز، تارق (٢٠١٤) بوونی نەتەوە و سیاسەتی زمان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، چاپی یەکەم.
حەسەنپوور، ئەمیر(١٩٩٢)، زمان و ناسنامەی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس-هەولێر.

حەمە، گۆران ئازاد(2008)، دەسەڵاتی دادوەری لە دەولەتی فیدراڵیدا، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی – سلێمانی

زادە، ئاسۆ عبداللە حسن(٢٠١١)، میکانیزمە یاسایی و پارامێترە سیاسیەکانی فیدڕالیزم، چاپی یەکەم، چاپخانەی شهاب، هەولێر.

فتاح، محمد معروف(٢٠١٠)، لێکۆلینەوە زمانەوانیەکان، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریان، هەولێر.

مەولود، محەممەد عومەر(2006)، فیدرالییەت و پیادەکردنی لە عێراقدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر.

ناوخۆش، سەلام(٢٠١٠)، ستانداربوونی زمانی کوردی لەنێوان سیاسەت و سیاسەتی زمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

## گۆڤار

نەجار، شیرزاد ئەحمەد (2002)، گوتاری فیدراڵیزم، لە خەباتی سیاسی ئەمرۆی گەلی کوردستان و عێراقی داهاتوودا، سلیمانی: گۆڤاری یاسا، ژمارە (6).

## نامەی ماستەر و دکتۆرا

حمەغریب، شالاو صالح(٢٠٢٤)، پێگە و پایەی زمانی کوردی لە چوارچێوەی سیاسەتی زمانیدا، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی، هەولێر.

سلێمان، ئازاد عزیز(٢٠٢٢)، سیاسەت و پلانی زمان لە ڕاگەیاندندا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی، هەولێر.

قادر فەتاح، ئەحمەد، (٢٠١٠)، خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی، هەولێر.

یوسف حسن حسین (2014)، کاریگەری بەجیهانبوون لەسەر کولتور، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، کۆلێژی ئاداب، بەشی کۆمەلناسی، هەولێر.

### دووەم: بەزمانی عەرەبی

**كتاب**

عزيز، محمد عبدالله (1973)، فى النظريات والنظم السياسيه، دار النهضة العربية، بيروت، الطبعة الأولى.

**مجله**

الهماوندى، محمد أحمد (2005) التمييز بين نظام الفيدراليه و نظام اللامركزيه الاداريه الاقليميه، اربيل: مجله القانون والسياسه، جامعه صلاح الدين، العدد (3).

### سێیەم: بەزمانی ئینگلیزی

Al-Dusuqi, Ayman (2019), Draft Kurdistan Regional Constitution and Intergovernmental Relations in Iraq, International Scientific Conference, Political Sciences, Cairo University, Egypt. 5ba44a4e1a85c0882d2cb4cc9c805beff7be.pdf

Annamalai, E., (E. Annamalai) 2001. Managing multilingualism in India: Political and linguistic manifestations. New Delhi: SAGE Publications. Managing Multilingualism in India - Google Books

Fishman, J.A., (Joshua A. Fishman )1991. Reversing language shift: Theoretical and empirical foundations of assistance to threatened languages. Clevedon: Multilingual Matters. Reversing Language Shift - Google Books

Grin, F. (Francois Grin)(1999). Language Policy Evaluation and the European Charter for Regional or Minority Languages. Palgrave Macmillan Language Policy Evaluation and the European Charter for Regional Or Minorit... - Google Books

Kaplan, R. B. & Baldauf, R. B.( Robert B. Kaplan, Richard B. Baldauf ) (1997). Language Planning from Practice to Theory. Multilingual Matters. Language Planning from Practice to Theory - Google Books

King, R.D., (Robert Desmond King )1997. Nehru and the language politics of India. Delhi: Oxford University Press. Nehru and the Language Politics of India - Google Books

Legal information institute, (LII), 2022, federalism, federalism | Wex | US Law | LII / Legal Information Institute (cornell.edu), [Accessed October 2, 2024].

Makarenko, Jay (2008). Federalism in Canada, https://repolitics.com/features/ [Accessed Oct, 7, 2024].

Phillipson, R.,( Robert Phillipson)1992. Linguistic imperialism. Oxford: Oxford University Press. Linguistic imperialism - Google Books

Schiffman, H. F.( Harold F. Schiffman ) (1996). Linguistic culture and language policy. London: Routledge. Linguistic culture and language policy - Google Books

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

Spolsky, B. (Bernard spolsky )(2004). Language Policy. Cambridge University Press. Language Policy - Google Books
Subrata K. Mitra, (1999), LANGUAGE AND FEDERALISM: THE MULTI-ETHNIC CHALLENGE, Department of Political Science South Asia Institute Heidelberg, Germany
UNESCO, 2003. Language vitality and endangerment. Paris: UNESCO.
Wardhaugh, R. and Fuller, J.M.,( Ronald Wardhaugh, Janet M. Fuller ) 2021. An introduction to sociolinguistics. 8th ed. Hoboken: Wiley. An Introduction to Sociolinguistics - Google Books
Watts, R.L. (1999) Comparing Federal Systems. Montreal: McGill-Queen's University Press.

-----------------------------------------------------------------------------------------------------------

# Language Policy in the Federal System

## (Example: Ministry of Education of the Kurdistan Region of Iraq)

**Fouad Jasim Ibrahim**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil Kurdistan Region, Iraq
Email: Fouad.ibrahim@su.edu.krd

**Azad Aziz Suleman**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil Kurdistan Region, Iraq
Email: azad.sleman@su.edu.krd

## Abstract

This study is entitled "Language Policy in the Federal system: The Ministry of Education of the Kurdistan Regional Government as an Example". In order to implement language policy, the study examines the development of Kurdish language and languages of ethnic communities In reality, they often fail to promote these rights efficiently. The Ministry of Education is the source of the research. It aims to find out how this ministry implements a useful language policy for the Kurdish language. Does it effectively play its role in preserving and developing the Kurdish language or not?

Finally, the study recommends changing government policies and providing a clear and effective strategy for the development of Kurdish and other community languages within the federal system.

***Keywords:*** *Language Policy, Federalism, Ministry of Education, Multilingualism, Kurdish Language.*

# سياسة اللغة في النظام الفدرالي
## (وزارة التربية في إقليم كردستان العراق - نموذجا)

**المُلخّص**

عنوان هذه الدراسة هو سياسة اللغة في النظام الفيدرالي وزارة التربية في حكومة إقليم كردستان نموذجاً". من أجل تنفيذ السياسة اللغوية، تدرس الدراسة تطور اللغة الكردية ولغات المجتمعات العرقية. في الواقع، غالباً ما يفشلون في تعزيز هذه الحقوق بكفاءة. وزارة التربية والتعليم هي مصدر البحث. ويهدف إلى معرفة كيف تقوم هذه الوزارة بتنفيذ سياسة لغوية مفيدة للغة الكردية. وهل تلعب دورها بشكل فعال في الحفاظ على اللغة الكردية وتطويرها أم لا؟ وأخيرا توصي الدراسة بتغيير السياسات الحكومية وتوفير استراتيجية واضحة وفعالة لتطوير اللغة الكردية ولغات المجتمع الأخرى ضمن النظام الفيدرالي.

**الكلمات المفتاحية:** سياسة اللغة، الفيدرالية، وزارة التربية والتعليم، التعدد اللغوي، اللغة الكردية